# تێکەڵکردنی تاوانکاریەکان و ئەگەری زیانەکانی

**شاخەوان شۆڕش**
19.10.2006

دادگای باڵای تاوانی ئێراق کە ئەرکی دادگایی سەرانی ڕژێمی پێشووی ئێراقیان خراوەتە ئەستۆ، جگەلەوەی تەنها سەرنج دەداتە هەندێ لە تاوانکاریەکانی نێوان ساڵەکانی 1968 تا 2003، سەیری ستاتی ئێراق وەکو تاوانکار بەرامبەر بە گەلی ژێردەستەی کورد ناکات. لەو دادگایەدا ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتوون، خراونەتە ڕیزی ئەو تاوانکاریانەی کەبەسەر گروپە ئاییني و ئێتنیەکانی دیکەدا هاتوون. پۆلینکردنی سیستەماتیکی و بە جودا سەیری تاوانکاریەکان لەڕووی کات و جۆری گروپ ناکرێت، دیارە مەبەست و ئامانجی جودا لە ئەنجامدانی تاوانکاریە جیاوازەکاندا هەبووە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم سەرنج بخەمەسەر ئەوەی چۆن دادگا سەیری تاوانکاریەکانی کە بەرامبەر بە کورد کراون دەکات، هەروەها تێکەڵکردنی یا ڕیزکردنی تاوانەکانی کە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد کراون لەگەڵ تاوانکاریەکانی دیکەدا چی دەگەیەنێت.

پێویستە بۆ بەرچاوڕوونی بڵێین، لەئەگەری بوونی دادگایەکی ڕەوا و بێلایەندا، چاوەڕانی ئەوە دەکرا کەوا هەرچی تاوان و کارەسات بەسەر گەلی کورد هێندراوە، لە خانەیەکی تایبەت بەگەلی کورد سەیریان بکرێت و تێکەڵی تاوانکاری کە بەسەر کەمینە و گروپەکانی دیکەدا هاتووە، نەکرێن. پێویستە وەبیری بێنینەوە تاوانکاریەکانی کە بەرامبەر بە گەلی کورد لەلایەن ستاتی داگیرکەری ئێراقەوە ئەنجام دراون، لە سەرەتای دروست بوونی ئێراقەوە دەست پێدەکات نەک لە ساڵی 1968 ەوە. گەلی کوردیش هەر لەسەرەتاوە ئەو ستاتە بەزۆر سەپێندراوەی پەسند نەکردووە و وەکو داگیرکەر سەیری کردووە. دیارە لەڕابردوو و ئێستادا لەبەر بەرژەوەندیەکان هەوڵ دراوە و دەدرێت کە تێگەیشتنەکی جیا لەو تێڕوانینەی سەرەوە دروست بکرێت. ئەو هەوڵەش لەگەڵ ڕێکەوتنامەی لۆزان بەڕاکشاوی جەختی لەسەر کراوەتەوە و ئێستاش درێژەی هەیە.

تاوانکاریەکانی رژێمی بەعس درێژەی تاوانەکانی پێشووە، بەڵام بەشێوەیەکی دڕندانەتر، تاوانکاریەکان هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەی پۆلیتیکی توانەوە و نکۆلیکردنی مافی ئازادی گەلی کورد سەرچاوەی گرتووە. ئەو تاوانکاریانەی بەرامبەر بە کورد کراون، لەمیانەی ناکۆکی نێوان دوو نەتەوەی دژ بەیەک بووە، لە نێوان نەتەوەی داگیرکەر و نەتەوەی خاک داگیرکراو بووە، نەتەوەی باڵادەستی عارەب کە ستاتی ئێراقی لە لایەن کۆلۆنیالیزمەوە بۆ دروستکراوە و بووەتە خاوەنی وڵاتەکە، ئەرکی داگیرکاریەکەی خاکی باشوری کوردستانی گرتۆتەئەستۆ و هەوڵی توانەوەی گەلی کوردی بە شێوەی جۆراوجۆر داوە. لەو دیدەوە چەوساندنەوە و هەوڵی لەناوبردنی کوردان جیاوازە لەوەی بەرامبەر بە کەمینە و گروپی ئەتنی دیکە لە چوارچێوەی ئێراقدا کراوە.
لەو ڕوانگەیەکی ئایدیالانەوە، هەوەکو ناسیۆنی کورد خاوەنی بەها نەتەوایەتیەکانە و خاکەکەی داگیرکراوە و بە ستاتێکی بەزۆرسەپێندراوەوە لکێندراوە، شایانی ئەوە بوو هەرچی تاوان و تاوانکاری لە لایەن ستاتی داگیرکەری ئێراقەوە لە بەرامبەریدا ئەنجام دراوە، بە جودا و سیستەماتیکی و لە ڕیزی یەکدا بە گوێرەی ڕێکەوتی ڕوداوەکان لە مێژووی زووەوە تا کۆتایی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی ئێراق لە ساڵی 2003 دا، سەیریان بکرێت و پشتڕاستیان بکەنەوە، هەروەها پرۆسەی دادگایی بۆ کەیسە لەبارەکان ساز بکرێت. واتە پاشگەزبوونەوەی ئێراق و بریتانیا لە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کورد، پاشان لێدان و سەرکوتکردنی ڕزگاریخوازانی کورد و پۆلیتیکی چەوساندنەوە لەو ساوە، تاوانەکانی بەعارەبکردن و پاکتاو لە سیەکان و چلەکانەدا، پاکتاوی فەیلیەکان، پاکتاو و بەعارەبکردنی خانەقین تا دەگاتە کەرکوک و ناوچەی موسڵ و شەنگار، بەعارەبکردنی یەزیدییەکان، بۆردومانی قەڵادزێ، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، بۆردومان و پاکتاوی گوندەکانی کوردستان لە 1983 بەدواوە تا 1989، کیمیابارانی هەڵەبجە و گەلکوژی ئەنفال یەک لەدوای یەک بخرێنە بەر سەرنج، بەمجۆرە دەکرا تیگەیشتنێکی گونجاو بۆ یەکە یەکەی تاوانەکان پەیدا بکرێن،

بەمشێوەیە تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندی گشتگیر دروست بکرێت و مەبەستی بنچینەیی ئەو تاوانکاریانە ڕوونتر دەربخرێت. بەشێوەیەکی دیکە لەبەر ئەوەی تاوانکاریەکانی کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بە مەبەستی تایبەت ئەنجام دراون، بۆ تێگەیشتنیان پێویستە بە جیا و یەک لە دوای یەک سەرنجیان بدرێتێ، ئەگەر نا سەختە بتواندرێ لە مەبەستی هەر یەک لە تاوانەکان و کۆی تاوانەکان بگەین.
ئەگەر تاوانەکانی پێشی کودەتای بەعسی 68 لەبەر هۆکاری ڕامیاری و بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی نەتەوەی باڵادەست، داگیرکەرانی دیکەی کوردستان و زلهێزەکان لەبیربکرێن یا بەلاوەبنرێن، بەمجۆرە تەنها سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بەگرنگ دابندرێت، ئەوە بەهەمان شێوە دەبوایە کارەساتەکانی کورد بە جیا سەیریان بکرێت، سیستەماتیکی و یەک لەدوای یەک سەرنجیان بدرێتێ. چونکە گەلی کورد لەو سەردەمەشدا هەمان تایبەتمەندی پێشووی هەبووە و لەسەر بنچینەی هۆکارەکانی پێشوو بەڵام دڕندانەتر هەوڵی لەناوبردنی دراوە. مەترسی دەکرێ هەر بڕیارێکی یاسایی بەبێ گوێدانە ئەو ڕاستیەی گوترا، دەرئەنجامەکی ناتەواو بداتە دەست. ئەوە ئەگەر دادگاکە بە گونجاو سەیری بکرێت.

وەکو دیارە کارەساتەکانی ناو ئێراق هەمووی بەشێوەیەک سەیر دەکرێن وەکوئەوەی ئەوانە کۆمەڵێ تاوانکارین لە لایەن ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە خەڵکی ئێراق بەگشتی ڕوویانداوە. تاوانکاریەکان بە پێی کات و مێژوو سیستەماتیکی کاریان لەگەڵ ناکرێت، دۆسییە لەسەر هەموو تاوانکاریەکان نییە، تاوانکاریەکانیش بە پێی نەتەوە و گروپی ئەتنی لەیەکتر جیاناکرێنەوە و پۆلین ناکرێن، بەڵکو تاوانەکان بەبێ گوێدانە جۆر و تایبەتمەندیان، پێشوپاش دەکرێن و لەتەک یەکتردا ڕیز دەکرێن. وەکو بۆنمونە دۆسیەی دوجەیل کە تاوانێکی لەچاو تاوانەکانی دیکە بچوکە لەساڵی 1982 بەرامبەر گروپی شیعە ئەنجام دراوە یەکەم کەیسی دادگابوو، کەیسی گەلکوژی ئەنفال کە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە دووەم کەیسی دادگایە، دوای ئەوە گوایە کەیسی هەڵەبجە دێت، دوای ئەو ڕەنگە کەیسێکی دیکەی شیعەکان بێتە پێشەوە هتد. بەمجۆرە هەڵبژاردنی کەیسەکان نە سەبارەت بە کات و مێژووی ڕوودانیان سیستەماتیکیە، نە سەبارەت بە جۆری گروپی قوربانی لە ئینتەرڤال یا پۆلی دیاریکراودا لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.
وەکو تێبینی دەکرێت، جودایی و تایبەتمەندی بە شێوەیەک کە پارچەیی نێوان نەتەوەی کورد و عارەب دەربخات، وەکو پێویست نادرێتە کارەساتەکانی گەلی کورد، هەروەها ناخوازرێ وێنەی نەتەوەیەکی ژێردەستەی خاک داگیرکراو بدرێتەدەست. دادگا هەوڵ دەدات بەشێوەیەک لە شێوەکان وێنەی یەک گەلی و یەک خاکیی ئێراق پیشان بدات، ئەگەر کێشەیەک لەو بارەیەوە هەشبووبێت ئەوە بەرپرسیاریەکەی خراوەتە ئەستۆی سەرانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشووی بەعس. بەمشێوەیە هەندێ سەرکردەی ڕژێمی بەعس یا لە باشترین باردا، ڕژێم و سیستەمێکی دیاریکراو نەک ئێراق وەکو ستات بەو تاوانکاریانە هەستاون. هێما بۆ ئەوە دەکرێت، کەوا خودی بوونی ئێراق وەکو ستات کێشەیەکی بۆ کوردان نەبووە. هەروەها نەتەوەی عارەب وەکو نەتەوەی چەوسێنەر و داگیرکەر سەیری ناکرێت و وا پیشان دەدرێت کە کێشەکە کێشەی نێوان دوو نەتەوە نەبووە. دیارە بیرۆکەی برایەتی و تەبایی گەلانی ئێراق و یەکێتی خاکی ئێراق لە لایەن ئەمەریکا، دەسەڵاتی ئێستای ئێراق و دەسەڵاتی کوردی جەختی لەسەر دەکرێتەوە و تائێستا لەوەش بەولاوە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دی پەسند ناکرێت، لەگەڵ ئەوەی فاکتەر و ڕاستیەکان هێما بۆ پێچەوانەی ئەوە دەکەن.
ئەگەر کێشەکە یا کوشتار و تاوانکاریەکە لەسەر بنچینەیەکی ناسیونالیستانە بێت، دەرخستنی جودایی و ڕقی دیار لە نێوان نەتەوەی تاوانباری دەسەڵاتدار و نەتەوەی ژێردەستی قوربانی بۆ سەلماندنی تاوانی گەلکوژی گرنگە. بەرزی ئاستی جودایی نەتەوایەتی ئەگەری سەلماندنی گەلکوژی لەسەر ئەو بنچینەیە بەرزدەکاتەوە، بەپێچەوانەوە نەهێشتنی جودایی نەتەوایەتی ئەگەری سەلماندنی تاوانی گەلکوژی لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی کەم دەکاتەوە یا نایهێڵێت. ئەگەر تاوانی ئەنفال بەکێشەیەکی نەتەوایەتی ببەستینەوە و کوشتارەکانیش لەسەر بنچینەی ئیتنۆ ناسیونالیزم سەیر بکەین کە لەڕاستیدا وایە، ئەو کەشە ڕامیاریەی کە ئاماژەمان بۆی کرد بۆ کەیسی ئەنفال یارمەتیدەر نییە. دیارە بازدانی سەرانی کورد بۆ بەغدا و تێکەڵبوونیان لەگەڵ ستاتی دوێنێ داگیرکەر لە چوارچێوەی ئەو ئاراستە ڕامیاریە دایە و خۆیلەخۆیدا دیلامایەکی یا بەدەیان دیلامای گەورەی بۆ کوردستانیان دروست کردووە.

هەروەکو تێبینی دەکرێت، لە دادگاکەشدا یەکێتی خاکی ئێراق و تەبایی گەلانی ئێراق بەجۆرێ لە جۆرەکان ناوەناوە هێمای بۆ دەکرێت. بۆنمونە دادوەری لادراو عەبدوڵا عامری لە گوتنێکیدا هێمای بۆ دابەش نەبوونی ئێراق کرد، سەدام لە دانیشتنی 18 دا جەخت لەسەر یەکێتی خاکی ئێراق دەکاتەوە و لەیەکترترازانی ئێراق بە دەستی زایۆنیزم دادەنێت، پارێزەری کورد لە وەڵامی سەدامدا، جەخت لەسەر ئێراقیبوون و برایەتی ئارەزوومەندانەی گەلانی ئێراق دەکاتەوە و پاکانە بۆ پاکی خۆیان بۆ ئەو یەکێتییە دەکاتەوە هتد. پارێزەرە کوردەکان هەوڵی سەلماندنی کوردبوونی قوربانیان

دەدەن، بەڵام سنوری تێگەیشتنە ئێراقچیەکە نابەزێنن. دەکرێ بگوترێ کەوا دادوەر، تاوانبار و نوێنەری قوربانی هەمووی لەسەر ئەو "پرسە ڕامیاریە" تەبان! دیارە بوونی ئەو هەڵوێستە ڕامیاریە وتێکەڵبوونی بە پرۆسەی دادگاییەکە، گومان دەخاتەسەر ڕەوایەتی بوونی خودی دادگاکە.

یەکێ لە هەوڵەکانی سەدام و تاوانبارانی دی هەروەها پارێزەرانیان ئەوەیە، کەوا ئەوە بسەڵمێنن، ئەو کوشتارانە لە چوارچێوەی بەرگری نیشتیمانیدا بووە و جیاوازی لە نێوان هیچ نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا نەکراوە. هەوڵ دەدەن بیسەڵمێنن کەوا گەلی ئێراق هەموو ئەو گەلانەی لەخۆ گرتووە و هەمووانیش تیایدا بەیەکسانی بەشداری دەسەڵات بوون. ئەگەر گروپێک یا چەند گروپێک دژی شۆڕش و ستاتی ئێراق جوڵابنەوە ئەوە بەبێ جیاوازی و بەبێ گوێدانە ڕەگەز و نەتەوە بەرەنگاریان بوونەتەوە. بەمجۆرە ئەوان دەیانەوێ بیسەڵمێنن، کەوا هەر بەتەنها کوردەکان نەکوژراون بەڵکو شیعەکان یا خەڵکی سەربە گروپی دیکەش لەسەر تاوان و ناپاکیی نیشتیمانی وەکو یەک کوژراون. ئەوان لەلایەک دەیانەوێ ڕەوایەتی کوشتارەکان لەژێرناوی ئاسایشی نەتەوایەتی و بەرگری نیشتیمانیدا بسەڵمێنن، لەلایەکیتر پیشانی بدەن کەوا کوشتار لە هەموو لایەک بەبێ جیاوازی کراوە. ئەگەر ئەوان بتوانن ئەوە بسەڵمێنن، ئەگەری سەڵماندنی تاوانی گەلکوژی زۆر سەختە، یا هەر ناکرێ.

لێرەدا دادگای باڵای ئێراق و هەڵسوکەوتی دادگاکە لەگەڵ کوشتارەکاندا، واتە ڕیزکردنیان لەتەک یەکدا بەبێ پۆلینکردنیان لەسەر بنچینەی ڕەگەز یا نەتەوە و ئێتنیاتی، بەبێ گوێدانە ڕیزکردنی کات و مێژووی ڕووداوەکان، یارمەتیەکی گرنگی تاوانباران و پارێزەرانیان لەهەوڵەکەیاندا دەدات. ئەو تێکەڵکردنەی کە دادگا سەبارەت بە کەیسەکان و پێشوپاش کردنیان هەڵساوە، هەمووی بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە دەیەوێ جۆرە لەیەکترچونێک لە نێوان تاوانکاریەکاندا بداتە دەست، وەکو دیارە دادگا پۆلینکردن و جوداکردنەوەی تاوانکاریەکان بەگرنگ نازانێت. دەیەوێ بلێت یا ڕاکشاوانە دەڵێت ئەوانە ئێراقین و لەلایەن رژێمی یا سەرکردەکانی بەعس بڕیاری لەناوبردنیان دراوە. وەکو بۆنمونە داواکاری گشتی لە بارەی تاوانی ئەنفالدا سەبارەت بە کوشتاری کوردان دەڵێت، "ئەوە شتێکە دژی مرۆڤایەتی و ئەوانە کورد بوون و وەکو ئێراقی مردن". هەروەکو لەدەرەوەی دادگاش گوتنەوەی ئەو گۆرانییە بە بەردەوامی هەیە بۆنمونە تاڵەبانی دەڵێت، "سەدام چەکی کیمیاوی دژی گەلی خۆی بەکار هێناوە". ئەو گوتنە لەلایەن زۆر سەرکردەی دیکە بەردەوام دەگوترێتەوە. ئەوە وادەکات کۆمەلکوژی و تاوانکاریەکان جۆرە وەکویەکیەک بدەنەدەست و هەوڵ دەدات سنورە جیاوازەکان کە لەسەر بنچینەی نەتەوە و ئێتنیاتی یا دۆز هەن ڕەشکاتەوە. ئاراستەی هەوڵی نەهێشتنی جودایی لە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکان، هەروەها نەهێشتنی جودایی ناسیۆن و ئەتنیاتی لە تاوانکاریەکاندا، لەپێناوی پێشاندانی تەبایی و گرنگیی ئێراقیبووندا، ڕاستەوخۆ یارمەتیەکی گرنگە بۆ بانگاشەی نەبوونی جودایی لە کوشتارەکاندا کە لەلایەن سەدام و تاوانباران هەوڵی سەڵماندنی بۆ دەدرێت، هەروەکو بۆ نەبوونی تاوانی گەلکوژی سەبارەت بە هێرشەکانی ئەنفال بەکاری دەهێنن.
دادگاکە تاوانەکان وەکو یەک لە بۆتەی قوربانیە ئێراقیەکان کۆدەکاتەوە، هەروەها بەجۆرێ لە جۆرەکان نایەوێ جودایی نەتەوایەتی بەرزکاتەوە و سەیری نەتەوەیەکی تایبەت بەجودا بکات. هەروەکو سەدام و تاوانبارانی دی و پارێزەرانیان ئەوە ئامانجیانە. ئەوەش مەترسی لەسەر سەڵماندنی بوونی تاوانی گەلکوژی سەبارەت بە تاوانی ئەنفال لەو دادگا ئێراقیەدا دروست دەکات.